# ڤیان دێخیل: حکومەتی هەرێم پابەندبوونەکانی خۆی لە یاسای بودجە جێبەجێکرد

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، (9ـی ئەیلولی 2023)، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە میدیاکانی ڕاگەیاند: "حکومەتی هەرێم هەموو پابەندبوونەکانی خۆی لە یاسای بودجەدا جێبەجێکرد، هەروەها بگوێرەی پێویستی وەزارەتی نەوتی عێراق، نەوتی ڕادەستی حکومەتی عێراق کردووە".

ڤیان دێخیل وتیشی: "وتەبێژی حکومەتی عێراق، باسم عەوادی دوو ڕۆژ لەمەوبەر چەند زانیارییەکی ناڕاستی لەبارەی جێبەجێکردنی یاسای بودجەی بڵاوکردەوە کە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نەبوو"، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ئاماژەی بۆ کرد، کە لە ڕۆژی 25ـی ئاداری 2023 تاوەکو ئێمە حکومەتی عێراق 598 ملیار دیناری بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناردووە و ئێستا بەیاری داوە 500 ملیار دینار بنێرێت".

ڤیان دێخیل جێختی کردەوە، کە بە گوێرەی یاسای بودجە، پێویستە حکومەتی فیدراڵی عێراق مانگانە 902 ملیار دینار بە مووچەی فەرمانبەران بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بنێرێت، بەڵام بەیاری داوە 500 ملیار دینار بە شێوەی قەرز بنێرێت، کە بەڵە پارەیەکی زۆر کەمە.